# جەنگی دەرامەت

**د. جەزا تۆفیق تالیب**
**پسپۆڕی جیۆپۆلەتیک و ئاسایشی نەتەوەیی**

لەدوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم هاتنە کایەیی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە بە قۆناغی جەنگی سارد ناسراو بەپێی یاساکانی ئەم جەنگە هەموو جیهان دابەشبوون بەسەر دوو جەمسەری سەرەکیداو هەر لەم ساتە وەختەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆو پلان دارێژراو زلهێزەکانی جیهان ئامانجێکی سەرەکیان لێبوە خولیاو لە پێناویشیدا چەندین پەیمانی ستراتیژیو سەربازییان مۆر کرد تا بگەنە ئەو ناوچەو هەرێمانەی کە خاوەنی دەرامەتی سروشتی پربایەخنو لەم پێناوەشدا چەندین جەنگو جۆری ململانێی سیاسیو جیۆپۆلەتیکی لە نیوان زلهێزەکاندا بەرچابوو کە بە (جەنگی سەرچاوەکان) ناسراوە .

وا دیارە جەنگی سەرچاوە سروشتیەکان بە شێوازێک دەرۆیشت بە رێوە زۆرجیاواز بوو لە جەنگە سەربازییەکانی دیکە، چونکە مەبەستی ئەم جەنگە لە بنچینەدا بریتی بوو لە کۆنترۆڵکردنو وەبەرهێنانو بەکارهێنانی ئەو دەرامەتە سروشتیانەی کە لە بواری سیاسیو پەیوەندی نێودەوڵەتیدا بایەخی ستراتیژیان



هەیە، وەکو نەوتو غازی سروشتیو یۆرانیومو سەرچاوەکانی ئاوو...... هتد، بۆیە دەبینین بەریتانیای گەورە هەر لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانەوە هەموو قورساییو سەنگی خۆی خستە گەڕ بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی کەنداوی فارسیو نیمچە دورگەی عەرەب، بەوپێیەی دەوڵەمەنترین ناوچەی جیهانە لە یەدەکی نەوتدا، دەرامەتی نەوتیش لە روانگەی جیۆپۆلەتیکەوە بە دەرامەتێکی ستریتژی دادەنرێت کەلە هەموو شوێنو هەرەمێکدا نیەو بزوینەری رەورەوەی شارستانیو ئابوورییە لە جیهاندا تەمەنێکی دیاریکراویشی هەیە، بۆیە هەر هێزو لایەنێک دەستبگرێت بەسەر مەڵبەندەکانی یەدەکو بەرهەمی ئەم درامەتە سروشتیەدا دەتوانێت

کۆنترۆڵی ئابووری جیهانو ڕەوتی پیشەسازیو نرخ بکات .

لە سۆنگەی ئەم بایەخەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوە هەڵە مێژوییەی قۆستەوە کاتێک بەریتانیای مەزن لە کەنداوی فارسی پاشە کشێی کردو ڕاستەوخۆ ئەمریکا بنکەو بارەگای خۆی تێدا جێگیر کردو لەو ساتەوەختەوە تا ئێستاش بوونی بنکەکانی ئەمریکا تۆکمە ترو بەهێزتر دەبێت، پاشان، وەکو دەبینین ئەمریکا لە ڕووی جیۆستراتیژییەوە هەموو هەرێمە جیۆپۆلەتیکەکەی کەنداوی فارسی گەمارۆداوەو وا ئێستا عێراقو ئەفغانستانیشی بۆ زیادبووە، تا بە مسۆگەری دەرامەتی نەوت کۆنترۆڵ بکات .

هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی ساردەوە ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بوونی خۆی لە کیشوەری ئەفەریقادا سەلماندووە بە شێوازی سەربازیو سیاسیو دپلۆماسیو ئابووری پێگەی خۆی بەهێزترو جێگتر دەکاتو لەم پێناوەشدا ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکی گەورە لەگەڵ فەرەنسادا، چونکە فەرەنسا هەست بەوەدەکات کە ئەمریکا کارەکتەرێکی نوێیە لە کیشوەری ئەفەریقاداو دەیەوێت کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتیە ستراتیژییەکان ئەم کیشوەرە بکات لە نموونەی (یۆرانیۆمو نەوتو غازی سروشتیو دەرامەتی ئاوو.......هتد) ئەگەر تێبینی ئاراستەی سیاسەتیو ستراتیژی سۆڤیەتی جارانو ڕوسیای ئێستا بکەین، بە ئاشکرا هەست بەو ڕاستیە دەکەین کە بزوتنەوەی بەشێکی زۆری ستراتیژەکە، بریتی بووە لە گەڕان بە دوای دەرامەتی سروشتی پڕ بایەخدا، بۆ نموونە ئامانجی ڕوسیای قەیسەریو سۆڤیەتو ڕوسیای ئێستا هەر لە دێر زەمانەوە بریتی بووە لە نزیکبوونەوە لە ئاوە گەرمەکانو ئەو ناوچانەی کە دەوڵەمەندن بە سەرچاوەکانی ووزە، لە سەردەمی ئێستاشماندا دەبینین چۆن ئەمەریکا تەنگی بە ڕوسیای فیدراڵ هەڵچنیوەودەیەوێت بە هەر شێوازێک بێت نەوتو غازی سروشتی ناوچەی دەریاچەی قەزوین بە هۆی کۆمپانیاکانیەوە کۆنترۆڵ بکاتو زامنی سەرچاوەکانی ووزەی ئەو هەرێمەش بکات، کە بکەوێتە ژێر ڕکێفی سیاسیو جیۆستراتیژی خۆیەوە، کەواتە ئەمریکا لە جەنگێکی نوێدایە لەگەڵ ڕوسیادا کە جەنگی دەرامەتەکانە .

هەروەها دەکرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا جەنگی سەرچاوەکانی ئاو لە نێوان کارەکتەرە سەرەکیەکانی وەکو (تورکیاو ئێرانو عێراقو سوریاو میسرو سودانو ئەسیوبیادا ببینین) کە هەریەکەیان مەبەستیەتی کۆنترۆڵو باڵادەستی خۆی لە بواری سەرچاوە ئاوییەکاندا جێبەجێ بکاتو لەم پێناوەشدا ئامادەن جەنگی سەربازیو ململانێی سیاسیو جیۆپۆلەتیکشی بکەن، زانایان پێیان وایە ململانێو جەنگەکانی ئێستاو داهاتوشی بەشێکی زۆریان لە پێناو دەرامەتە سروشتیەکاندا دەبێت .